# هەندێکتان جەڵد لە ئافرەتەکەی دەدات (وا دەزانێت) کۆیلەی ئەوە، وپاشان لە کۆتایی ڕۆژدا سەرجێی لەگەڵدا دەکات

لە عبداللەی کوڕی زەمعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلی الله علیه وسلم- کە وتاری دەدا، وباسی ئەو وشترەکەی کرد وباسی ئەو کەسەی کرد کە کوشتی (مەبەست لە باسی وشترەکەی قەومی پێغەمبەر ساڵحە -علیه السلام-)، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «إِذِ انبَعَثَ أشقاها واتە: کاتێک خراپەکارترین پیاویان نێردرا، پیاوێک نێردرا کە تاک بوو (لە ڕووی خراپەکارییەوە)، خراپەکار (دڕندە) و بەهێز بوو لە نێو قەومەکەیدا»، وپاشان باسی ئافرەتانی کرد، وئامۆژگاری کرد بە باشی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، وفەرمووی: «هەندێکتان جەڵد لە ئافرەتەکەی دەدات (وا دەزانێت) کۆیلەی ئەوە !، وپاشان لە کۆتایی ڕۆژدا سەرجێی لەگەڵدا دەکات»، وپاشان ئامۆژگاری کرد سەبارەت بە پێکەنینی هەندێک کەس بەهۆی با دەرچوون (لە پاشەوە)، وفەرمووی: «ئایا بۆچی پێدەکەنن بە یەکتر لە کاتێکدا هەریەکێکتان خۆی ئەوە دەکات؟».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وتاری دەدا و عبدالله کوڕی زەمعە بیستی کە لە وتارەکەیدا باسی ئەو وشترە دەکات کە خودا وەکو موعجیزەیەک بەخشی بە پێغەمبەر ساڵح -علیه السلام-، وهەروەها پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەو کەسەیشی کرد کە وشترەکەی کوشت، کە ناوی قوداری کوڕی سالف بوو کە خراپەکارترین کەسی نێو قەومەکەی بوو، لە وەسفەکانی: نمونەکەی کەمە (لە زیانلێداندا)، زۆر خراپەکارە، خاوەنی هێز ودەسەڵاتە لە نێو قومەکەی. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە وتارەکەدا فەرمووی: (هەندێکتان جەڵد لە ئافرەتەکەی دەدات -وا دەزانێت- کۆیلەی ئەوە !): ئەمیش لێدانی توند دەگرێتەوە، ومانای فەرموودەکە ئەوە دەردەخات کە دوورە لەوەی ئەم کردەوەیە کەسی ئاقڵ ئەنجامی بدات، چونکە ئەگەر لە کەسێک بدرێت بەو توندیە چۆن دواتر داوای لێدەکات کە بچێت بۆ لای وجیماعی لەگەڵدا بکات، چونکە زۆر جار ئەو کەسەی لێی دەدرێت حەز بەو کەسە ناکات کە لێی دەدات، ولێرەدا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سەرزەنشتی ئەم جۆرە مامەڵەکردنە دەکات لە گەڵ خێزاندا، وئەگەر کەسێک ویستی خێزانەکەی ڕێک بکاتەوە -تەربیەتی بدات- ئەوا با بە لێدانێکی سووک بێت کە زیانی پێ نەگەیەنێت ولە دەموچاوی نەدات بە هیچ شێوەیەک وئەم لێدانە نەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەتەکە بە تەواوی حەزی لێنەکات، بۆیە پێویستە زیادەڕەوی نەکرێت لە لێدان وڕێک کردنەوەدا -تەمبێکردندا-. پاشان (ئامۆژگارییانی کرد): واتا ئاگادارییانی کردەوە. (سەبارەت بە پێکەنینی هەندێک کەس بەهۆی با دەرچوون -لە پاشەوە-): چونکە پێکەنین بەو کەسەی بە بێ ویستی خۆی بایەکی لێوە دەردەچێت، پێچەوانەی ڕەوشت وئاکاری بەرزە وهەروەها شکاندنەوەی ڕێز وحورمەتی کەسی بەرامبەرە، وبۆ ناشیرینکردنی پێکەنینی ئەم جۆرە کەسانە فەرمووی: (ئایا بۆچی پێدەکەنن بە یەکتر لە کاتێکدا هەریەکێکتان خۆی ئەوە دەکات؟): چونکە پێکەنین سەبارەت بە شتێکی سەیر ونامۆ دەبێت، وئەمەی کە ڕوودەدات هەموو کەسێک ئەمەی بەسەریدا ڕوودەدات؛ ئیتر بۆچی کەسێک بە شتێک پێدەکەنێت وگاڵتەی پێدەکات کە لەوەیە لە خۆیشیدا هەمان شت ڕووبدات ئایا ئەو حەز دەکات خەڵکی پێی پێبکەنن، بۆیە ئەگەر مرۆڤ بە بێ ویستی خۆی بای لێوە دەرچوو نابێت بشکێندرێتەوە، مەگەر کەسێک سەرزەنشت دەکرێت کە بە ئەنقەست هەوڵدەدات بای لێوە دەربچێت بۆ ئەوەی خەڵکی پێی پێبکەنن.